هەرکەسێک زانستێک فێر ببێت لەو زانستانەی لە پێناو ڕەزامەندی الله -عز وجل- بەدەست دەهێنرێت، وفێری نابێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە شتێک لە شتومەکی دونیای پێدەستبکەوێت؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک زانستێک فێر ببێت لەو زانستانەی لە پێناو ڕەزامەندی الله -عز وجل- بەدەست دەهێنرێت، وفێری نابێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە شتێک لە شتومەکی دونیای پێدەستبکەوێت؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هەرکەسێک فێری زانستی شەرعی بێت کە لە بنچینەدا ئەم زانستە لە پێناو ڕەزامەندی الله -عز وجل- بەدەست دەهێنرێت؛ بەڵام ئەم کەسە فێری دەبێت بۆئەوەی شتێك لە شتومەکەی دونیای پێ دەستبکەوێت وەکو پارە وسامان وناوبانگ، ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6262

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee